# مامۆستا جەمال پیاوێکی تێکۆشەرو رۆشنبیرو شۆڕشگێڕ بوو

مامۆستا جەمال تاهیر پیاوێکی تێکۆشەرو رۆشنبیرو چالاك و شۆڕشگێڕ بوو, هەموو کات بیری لە ئازادیی گەل‌و رزگاریی نیشتمان دەکردەوە, زۆر خۆشەویست بوو لەناو هەڤاڵەکانیدا چونکە خاوەنی رەوشتی بەرزو رەفتاری شۆڕشگێڕانەبوو بۆیە لەناو هەڤاڵەکانیدا زۆر خۆشەویست بوو , کادرێکی ئەوەندە لێهاتوو بوو. سەرکردەیەکی چاونەترس بوو, تەنها ساتێکیش لە خەبات رانەوەستاوە, هەمیشە هەوڵی رێکخستنی پۆلایین‌و بیرو باوەڕی داوە, لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیدا. سەرەتای یەکترناسینمان لەگەڵ مامۆستا جەمال دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ئەیلول کە زۆر جار لەگەڵ شەهید (حەمە رەشید باریکەیی) سەردانی ئەکردم لە رێکخراوی سەید سادق, ئەو کاتە ئەندامی ناوچە بووو, بەڵام هەموو کات بیرمان لەوە دەکردەوە گرنگی زیاتر بە رێکخستن بدرێت و لەداهاتوودا رێکخستنێکی تر هەبێت, ئەو رێکخستنە دەوڵەمەند بێت بەبیری تازەو پێشکەوتوو کە بتوانرێت نەوەی نوێ‌و شۆڕشگێڕو خاوەن بیرو باوەڕی تێدا کۆبکرێتەوە. هەرچەندە من هەستم دەکرد کە شەهیدی نەمر لەگەڵ رێکخستنێك کاردەکات و لەگەڵ کۆمەڵێك هەڤاڵی تر, لەگەڵ کۆمەڵە کار دەکەن. زۆر جار نامەی ئەدامێ کە بینێرم بۆ هەندێك هەڤاڵی تر, وەك هەڤاڵ رەفعەتی مەلا کە ئەوکات مەسئولی ناوچە بوو ئەو نامانە تایبەت بوون بە (شەهید خاڵە شیهاب) و ئەو پەیوەندی ویەکترناسینە متمانەیەکی زۆری لا دروست کردین, هەر پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول کە گەڕاینەوە, پاش ماوەیەك رێکخستنەکانی یەکێتی دروستبوو, لە ساڵی 1976 لە رێگای شەهید جەمالە ڕەش-ەوە پەیوەندی بە منەوە کرا. پاشان چاوم کەوت بە مامۆستا جەمال زۆر خۆشحاڵبووین و کۆبوونەوەیەکمان کردوو زۆر شتمان باس کرد. وتی ئاواتمان هاتۆتە دی و ئەو رێکخستنەی بیرمان لێدەکردەوە ئێستا کاردەکات‌و رێکخستنی کۆمەڵەیەو بەناوی یەکێتییەوە کاردەکەین وە ئیتر لەوکاتەوە پەیوەندیم بە هەڤاڵی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیر-ەوە هەبووە وە مانگی جارێك یان دووجار, دەبوایە چاوم پێ‌بکەوتایە و زۆر جار لەماڵی کاك کەمال-ی برای و کاتی وابوو لە گازینۆیەك بوولە ژێر ئوتێل حەسیب ساڵح- دا, چونکە ئەوێ کەنار بوو لەوێ دائەنیشتین‌و بەرنامەی کارەکانی خۆمانمان دائەناو تەوجیهاتی دەدایێ و زۆر هانی دەدام بۆ کارکردن و بۆ ئەوەی زیاتر بچمە ناو جەماوەرو پەیوەندیی بەخەڵکەوە بکەین. زۆرجار لەگەڵ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی بەیەکەوە کارەکانمان دەکرد کە هەردووکمان پەیوەندیمان بە هەڤاڵی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیر-ەوە هەبوو.. لەوکاتانەدا و ساڵی 1976 کاك(مەلا بەختیار) لەناو شاری سلێمانی بوو ئەویشم دەناسی‌و پەیوەندیم پێوەی هەبوو.. تا کۆتایی ساڵی 1976 ئەو چووە دەرەوە, ئیتر لەوکاتەوە من لە کۆمیتەی ناوچەی هەڵەبجەی یەکێتی بووم, لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر کارماندەکرد وگەشەمان بە کارەکانی خۆمان دەدا, لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا جەمال تاهیردا, هەتا وردە وردە دروست بووین‌و مەفرەزە سەرەتاییەکان دروست بوون و چەند جارێکیش چاوم کەوت بە بەرێز کاك محەممەدی حاجی مەحمود و زۆر قسەو باسماندەکرد و چەند رێکخراوێکی تر هەبوون, وەك رێکخراوی سیروان و لیژنەی جووتیاران, ئەو لیژنەیە لەمەسئوولی کۆمیتەی ناوچەکان دانرابوو و مامۆستا جەمال تاهیر سەرپەرشتی دەکردو رێنمایی دەکردین. هەتا لە ساڵی 1979 گیرا لەلایەن رژێمەوە. هەرچەندە رژێم هەموو ئامێرە پێشکەوتوەکانی بەکارهێنا لەگەڵ ئەم تێکۆشەرەدا, بەڵام ئامێرەکان لە جەستەی ماندوویدا هیچ سوودیان لێوەرنەگرت, هەتا رۆژێك نامەیەکی بچووکی لە زیندانەوە ناردبوو بۆ هەڤاڵەکانی کە دەڵێت هەتا ئێستا دوژمن هیچ سودێکی لێوەرنەگرتوم هیچ ئیعتیرافێکم نییە, کاری خۆتان بکەن و هیچ مەترسن وئەو نامەیەی شەهید

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

مامۆستا جەمال تاهیر-یان دابەزاند بۆ ڕێکخستنەکان. ئەوەی بیرم مابێت تەنها ئەو کورتەیە بوو.. لە کۆتایدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهید مامۆستا جەمال تاهیرو تێکۆشەرانی ڕۆژانی سەختی کوردایەتی.

عەبدولخالق هەورامی

## هەموو بزووتنەوەیەکی نیشتمانییو شۆڕشگێڕیی تێکۆشەری وەکو مامۆستا جەمال-ی دەوێت

هەموو بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی بەرۆڵەو تێکۆشەرو لاوەخوێن گەرمەکانی دێتەکایەوە, دروست دەبێت. گومان لەوەشدا نییە بزووتنەوەی کوردیش, لە ڕێکخراوی قوتابیانو لاوانەوە سەرچاوەی گرتووەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر مەشخەڵی شۆڕش و خەبات کڵپەی سەندووە, لەو ڕێگەیەشدا بە هەزارەها لاوی خوێن گەرم بەهەموو تواناو وزەیەکی لەرادەبەدەرەوە بەشدارییانکرد.

لەسەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا, لەنێوان ئەو هەموو لاوە قارەمانەدا, بەدەرکەوتنی تیشکی خۆر شەهید مامۆستا جەمال تاهیر دەرکەوت لەگەڵ گەیشتنی بەتەمەنی جوانیو لاوێتییەوە پرشنگی خەباتی هاویشتە نێوکاروانی کوردایەتیو دژی داگیرکەرانو دوژمنانی کورد جەنگا.

کە بەڕاستی یەکێك بوو لەولاوانەی کە هەر زوو لەبواری قارەمانێتی و دلێریدا هاتە مەیدانی خەباتو بەجۆشو خرۆشەوە دەستی بەچالاکییەکانی کرد...

لەیەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی شوباتی 1962دا, لە گردی جۆگە بۆ یەکەم جار شەهید جەمال-م بینی و کۆبوونەوەی پێ کردین کەمنو کاك سەردار عەبدولکەریم و بێستون حەمە ئەمین و شەهید یاسین محەمەد کە ناسراوبوو بە یاسینە ڕەش کە ئەویش یەکێکبوو لەقارەمانەکانی بەندیخانە, بەداخەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تریدا, لەسێدارەدران, بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەمانکرد.

ئەوکاتە کە من لە ساڵی 1979دا, لەگەڵ هەڤاڵ سەلامی مەلا عەبدول ڕەحماندا دەستگیرکراین و پاشان بردیانینە بەندیخانەی ئەبو غرێب, دوای ماوەیەك مامۆستا جەمال بەبێ ترس دووجار هاتە بەندینخانەی ئەبو غرێب و سەردانی کردین. باسی کوردستانو چالاکیی ڕێکخستنەکانی بۆ دەکردین, بەقسەخۆشەکانی ورەی پێ بەخشینەوە. ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم لەم بیرەوەرییەدا, ئەوەشە کە شەهید جەمال جگە لەوەی کە مرۆڤێکی ڕۆح شیرینو هێمن بوو, پیاوێکی بەوەفاو بەئەمەك بوو, زۆر کۆمەلایەتی بوو کێشەکانی زووچارەسەر دەکرد خۆشەویستی هەموان بوو.. دیارە ئەو سەردەمەی شەهیدی سەرکردە خەباتی تیادا دەکرد ڕۆژگارێکی سەختو زۆر مەترسی دار بوو.

جگە لەوە کە خۆیشی لە ئاستی سەرکردایەتیدا بوو, بەڵام زۆر بووێرانەو قارەمانانە بێ خۆ بواردنو خۆبەزل زانین زۆربەی کارو چالاکییەکانی ڕێکخستنی گرتبووە ئەستۆی خۆیی و لەناوجەرگەی دوژمنانو شاردا چالاکییەکانی ئەنجام دەدا...

ئەوکارانەشی کە هاوڕێکانی پێیان دەسپارد بەزوویی ڕای دەپەڕاند, هەرخۆشی بە وریاییو ئاگایی زۆرە بە ورەو بیرو باوەڕێکی بەرزەوە, سەرپەرشتی دەکردن.. وەکو چۆن شیری دایك پێویستە بۆ کۆرپەکەی, ئاواش مامۆستا جەمال پێویست و بڕبڕەی پشتی شۆڕش بوو لەرێکخستنو پەرەسەندنی کڵپەی جۆشدانی ڕێکخستنەکان... ئەوەی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

جێی سەرنجە لەو قارەمانـەدا, چـەندین جار لـە نیوەڕوانـدا کۆبوونـەوەی سازدەکرد چونکە خـەڵکی ئەوکاتەنـە بـۆ پـشوودانو نووسـتنو دەچوونە ماڵـەوە... زۆرجـار لـە وتـە بەنرخەکانیـدا دەیـووت دوژمنـەکانی ئێمـە هەرچـەندە پڕچەكو نۆکەری زلهێزەکانن, بەڵام ترسنۆكو گەندەڵن, ڕۆژێکیش دێت هەر سەردەکەوین بە سەریاندا.

بەراستی ئێمە بەم نووسینانە ناتوانین هەقی تەواو بدەینە شەهیدێکی وەك مامۆستا جەمال, تەنها ئـەوە نـەبێت لـە یادەوەرییـەکانو خەباتیـدا تۆمـارێکی بایەخـدار بـۆ مێـژووی گەلەکـەمان بنووسـینەوە کـە ئـەوەش ئـەرکی سەرشانمانە دەبێت بە دڵسۆزییەوە جێبەجێی بکەین.

هەرچـەندە شـەهید مامۆسـتا جـەمال بۆخـۆی سـامانێکی گـەورەو دەوڵەمەنـدبوو, لەخـەباتی میللەتەکـەمانو پێویستی بەشاهیدی کەس نییە بۆی بدات.

شەهید, سەرکردەیەکی هەڵکەوتوی مەیدانی کوردایەتیە. شەهید قارەمانی زیندانی فاشستەکان بـوو, دژی ڕژێمـی بەعسو دکتاتۆرییەتی سەدام بـوو, بەگژ هـەموو زوڵـمو سـتەمکارییەکانیدا دەچـووەوە... شـەهید تێڕوانینێکی پـڕ لەهەستو سۆزی هەبوو کە بە چاوەکانی دەیڕوانییە کەسێك.. هەسـتو سـۆزێکی زۆری لای ئـەو کەسـە جێدەهێـشت کە بەجۆرێك کە مرۆڤ هەستی بەدڵنیاییو ورەبەرزیی دەکرد. لەسەردەمی شۆڕشی نوێـدا, زۆرجار مامۆسـتا جـەمالم کـە لەناوشـاردا وەك هاورێیـەکی دڵـسۆز دەبینـی, وا هەسـتم دەکـرد سلێمانی ئـازاد کـراوەو هـیچ سـیخوڕو نۆکـەرانی ڕژێمی تێدا نییە....عەشقی نیشتمانیش ئەوەندەی تـر خولیـای بەگژدا چوونەوەی دەزگاداپڵۆسێنەرەکانی سـەدامی دەکرد.

دیارە میللەتی کورد بە درێژایی مێژوویی کەڵەپیاوی وەك شـەهید مامۆسـتا جـەمالی لێ نـەبڕاوە.. کـە لەشۆڕشـی نوێی گەلەکەشمانـدا بەسـەدان نموونـەی وەك ئـەو سـەرکردەیە خزمـەتی نیـشتمانەکەیانکردو لـە هـەموو ئاسـتەکانی خەباتدا, بەرپرسیارێتیی خۆیان بەرامبەر خاكو گەلەکەیان بە ئەمانەتەوە بەجێ هێناوەو زۆربـەی شەهیدەکانیـشی سەرکردەن, خۆیان کردە قوربانی مافەکانی کورد.

شۆڕشی نوێمان کـە بەڕابەرایـەتی یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان بـوو سـەدان سـەرکردەی وەك شـەهیدی قارەمـان مامۆستا جـەمالو بەهـەزاران پێـشمەرگەی قارەمـان و پـشتگیریی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان دەچـوو بـەرێوەو کـە شـەهید مامۆسـتا جـەمالیش تـوانی سـەدان پێـشمەرگەی دلێـر بکاتـە سـەرکردەو کـادر بـۆ رووبـەروو بوونـەوەی ئـەو رۆژگارە سەختانەی میللەتەکەمان.. یەکێتیش خۆی لەخۆیدا بورکانی گڕوتۆڵە بوو, بۆ داگیرکەرانو ڕژێمی سەدام.

لەکۆتایی نووسینەکەمدا کە دوای (20) سـاڵ بەسـەر تێپـەڕبوونی شـەهید مامۆسـتا جەمالـدا تـەنها سـەری رێـزو نەوازش لەئاست گیانی پاکیدا دادەنەوێنینو چەپکە گوڵی رازاوەش دەخەینـە سـەرمەزاری پـیرۆزیو دەسـتی رێـزیش بۆ بنەماڵە تێکۆشـەرەکەیان, وەفـاو بـەڵێن تـازە دەکەینـەوە کـە درێـژە پێـدەریی رێبازەکەیان بـینو نـەوە بەنـەوەش بـانگی نـەمریی ئـەو شـەهیدە قارەمانانـەو خـەباتیان بدەینـە گـوێی هـەموو کـوردێکی دڵـسۆزو لەمێژووشـدا بـۆ هەتاهەتایی بمێنێتەوە.

**عەلی مامە**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com